پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆژەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەری دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- *ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلەپێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێک پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵک لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟*

**وەڵام:**

**لە ڕاستیدا ئەوە سێ پرسیارە و وەڵامدانەوەیان زۆر هەڵدەگرن، من لێرەدا بە کورتی وەڵامیان دەدەمەوە:**

**بەڕێزتان باس لە زەمینەی ڕەخساو دەکەن، منیش دەڵێم، کام زەمینەی ڕەخساو ولەبار؟ ئەوەی من لە واقیعدا دەیبینم بریتین لە:**

**1- ناوچەی هێڵی 36ە، واتە تەنها بەشێك لە شاری هەولێر، سلیمانی و دهوك.**

**2- ئامادە نەبوونی حکومەتی مەرکەزی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە کە بە درێژایی 70ساڵ بووە بە هۆی هەموو شەڕوشۆڕ و پێکدادانەکان، واتە(خانەقین، مەندلی، شەنگار، کەرکوك، جەلەولا، توزخورماتو، سەعدییە، شێخان، تلکێف، بەعشیقە، شێخان و شارو گوندەکانی تر).**

**3- زلهێزەکان، بە ڕەسمی، تاقە یەك دێری ڕوون و ئاشکرا بۆ دانپێنان بە مافی دیموکراسی گەلی کوردستانیان نەنووسیوە و دەرنەبڕیوە. وەڵاتانی ناوچەکەش بە ڕوونی دژی هەر جۆرە چارەسەرێکی دیموکراسییانەی کێشەی کوردستانن. من بۆچوونە دیبلۆماسییەکانی بەرپرسی دەوڵەتە زلهێزەکان بە پولێکی قەڵب ناکڕم. بە کورتییەکەی من دیکۆمێنتی ڕەسمی بە مۆر و ئیمزام دەوێ! ئایا شتی وامان بەرچاو کەوتووە؟!**

**4- لەسەر ئاستی کوردستانیش، پارتی و یەکیتی وەك دوو حیزبی زلهێز، تا ئێستا ئامادەنین باری بەڕێوەبردنی ئیدارەکانی کوردستان یەکخەن.**

**5- بۆشایی مەرجعییەتێکی ڕەسمی بۆ گەلی کوردستان. هەر یەك لە پارتی و یەکێتی یا سێ کۆنگرە خەواڵۆکان، خۆیان بە مەرجەعییەت دەزانن، هیچ لایەنێکیان دان بەوی تریان نانێ.**

کەواتە، نە لە ئاستی نێودەوڵەتی، نە لە ئاستی ناوچەیی و نە لە ئاستی تێگەیشتنی حکومەتی ئێستای عیراق و نە لە ئاستی سیاسەتی حیزبە کوردستانییەکانیشدا، زەمینەی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم نەبووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی دیاری بکات. ئەمە واقیعە تاڵەکەیە و هەموو ئەو هێزو لایەنانە زۆر باشی دەزانن کە خواست و ئومێدی ڕەوای گەلی کوردستان، سەربەخۆییە.

بە بڕوای من، هیچ دەرفەتێك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لەدەست نەدراوە و ئەگەر سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی یەکگرتووش بن و لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سوور بن، ئەوا هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، چارەنووس گەلی کوردستان دەکەن بە چارەنووسی، ئەلبانەکانی یوگسلاڤیا!

من کوردێك ناناسم دژی سەربەخۆیی بێ، بەڵام ئەوانەی کار بۆ ریفرەندوم دەکەن یا درووشمی سەربەخۆییان هەڵگرتووە، نایانەوێ جریئانە، ئەو ڕاستیانەی سەرەوە، بزانن و بە پێی بارودۆخەکە هەنگاو بنێن. هەموو لایەن و حیزب و کەسێك دەتوانێ دروشمی((دوا چارەسەر)) بەرزبکاتەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، لە ئاستی واقیعدا چەند دەتوانین ئەو دروشمانە جێبەجێ بکەین؟ بۆ نموونە، ئەگەر مەسەلەکە تەنها دروشمی(دوا چارەسەر بێ)، ئەوا منیش دەڵێم(تەنها بە دامەزراندنی کۆمەڵگای کۆمونیستی، کێشەی مرۆڤی کورد چارەسەر دەکرێ)؛ تینوێتیم بە دامەزراندنی ئەم سیستێمە، دەشکێ! تاقە هەنگاو کە بکرێ ئێستا کاری بۆ بکەین، ئەوەیە، بە شێوە جۆربەجۆرەکانی سەرپێچی تسیڤیلانە، داوای بەستنی شارو شارۆچکەکانی(ناوچەی سوور)بکەین بە ئیدارەکانی کوردستانەوە. هێشتا دوو مانگ ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق، دەبا هەمووما ن ئەم داوایە بەرزبکەینەوە، ئەگەر داواکەمان جێبەجێ نەکرا، ئەوا ئێمەش ئامادەنین لە هەڵبژاردنەکەیان بەشداری بکەین. ئێمە هێشتا بەم ئامانجە نەگەیشتووین، هێشتا پاشماوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و شوفێنیستی بەعس لە نیوەی کوردستان پەیڕەو دەکرێ.

هەروا، وەك بەڕێزتانیش دەزانن، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کەمپینێك بە ڕێوەیە بۆ بەرگریکردن لە(ناوچەی سوور) و لەلایەن سەددان زانا، ڕێکخراو، نووسەر، ڕۆشنبیر و کەسانی خەباتگێڕەوە پشتیوانی لێ کراوە.

لە دواییدا منیش پرسیاردەکەم: ئایا ئیمڕۆ، بەرزکرنی دروشمی سەربەخۆیی یا"ڕیفرەندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان"چ سوودێکمان پێدەگەیەنێ؟!

سەلام عەبدوڵلا